# یونایت یەكێك لەگەورەترین سەندیكای كرێكاری بەریتانیا نامەی ئاراِستەی سەرۆكی هەرێمی كوردستانكرد

**لەندەن-4-4-2011**:

سەندیکای کریکاری بەشی خواردنوکشتوکاڵ کە یەکێکە لەگەورەترین سەندیکاکانی بەریتانیا لەنامەیەکیاندا بۆسەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان "داوای دەستبەجێ کۆتای هێنان بەکوشتنو دەستگیرکردنی خۆپیشاندەران دەکەن"

لەبەشێکی تری نامەکەدا پشتیوانی خۆیان "بۆ کۆتایهێنان بەگەندەڵی سیاسیو بۆکاری گۆنجاو خزمەتگوزاری گشتی لە بابەتی ئاو کارەبا هەروەها بۆ ئازادی سیاسی، ئازادی کۆبوونەوەو بیرورا دەربرین دەکەن لەکوردستان"

دەشتی جەمال سکرتیری فیدراسیۆن ووتی"لەدریژی چالاکییەکانی فیدراسیۆن بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانی رای گشتی خەڵکی بەریتانیاو ریکخراو و لایەنە سیاسیەکان لە پێناو پشتگیری بۆ بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی خەڵکی کوردستان لەگەڵ سەندیکای یونایت قسەو باسمانکرد وبەڵگەکانی پێشیلکاری مافی مرۆڤ لەکوردستانو سەرکوتی خۆپیشاندەرانمان خستە بەردەستیان، ئەوانیش بەناوی 100 هەزارکریکاری بەشی خواردنو کوشتوکاڵ ئەم نامەیان ئاراستەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانکرد. ئەمە دەستکەوتێکی هیجگار گەورەیە بۆ خەڵکی راپەریووی کوردستان"

هەروەها دەشتی جەمال ووتیشی"داوا لە ئەنجومەنی سەرای ئازادی دەکەم لە بڵندگۆی سەکۆی ئازادیەوە ئەم پەیامەی سەندیکای یونایتت کە نیراوە بۆ سەرۆکی هەریمی کوردستان، بۆ خۆپیشاندەران بخوێننەوە"

شایەنی باسە بە دووای رووداوە خۆیناویەکی 17 شوبات و لەدریژەی هەوڵەکانی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی چەندین رێکخراوی مەدەنی و سیاسی پشتیوانیان خۆیان لەداخوازیەکانی خۆپیشاندەران لەکوردستان راگەیاندوە.

لە خوارەوە دەقی نامەکە بە زمانی کوردیو ئینگلیزی هاتووە:

یەکێتی کرێکاری یونایت
128 Theobald's Road
London WC1X 8TN

Tel: 020 7611 2614
Mob: 07702 206436
Fax: 020 7611 2822
Email: Jennie.Formby@unitetheunion.com

سێشەممە، ٣١ی ئازاری ٢٠١١

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان
P.O. BOX 60, دیوان
کوردستانی عێراق
هەولێر-عێراق

بەرێز
من لەجیاتی ١٠٠هەزار کرێکاری بەشی خواردنو کشتوکاڵی ئەندامی(یونایت)کەیەکێکە لە گەورەترین یەکێتی کرێکاری بەریتانیا، ئەم نامەیەت بۆ دەنوسم.

خەڵکی کوردستان بزوتنەوەیەکیان دەستپێکردوە لەپێناو ئازادی، عەدالەت، فرسەتی کارو خزمەگوزاریەکانو لەدژی گەندەڵی سیاسی. تەنها بۆئەو مەبەستە دەستیان داوەتە خۆپیشاندانی مەدەنیانە.

ئەندامانی یەکێتیەکەمان لە شانشینی یەکگرتودا تووشی شۆك بوون بەرامبەر بەکاردانەوەیەك کە دژی ئەو خەڵکە گیراوەتەپێش کە تە نها خەریکن مافێکی ئینسانیی خۆیان پیادەدەکەن کاتێک بۆئەو خواستانە تێدەکۆشن کە بۆخۆیانو خێزانەکانیان یەجگار پێویستە.

من داوات لێدەکەم کە دەستبەجێ دەخالەت بکەیت بۆ کۆتایی هێنان بە کوشتنو دەستگیرکردنی خۆپیشاندەرانو ئەوەش دابین بکەیت کە ئەوانەی فەرمانی تەقەکردنیان داوە بدرێنە دادگا. هەروەها داوات لێدەکەین کە پشتیوانی لە خواستی خۆپیشاندەران بکەیت بۆ کۆتایی هێنان بە گەندەڵی سیاسی، بۆ کاری گونجاوو خزمەتگوزاری گشتی لەبابەتی ئاوو کارەباو هەروەها بۆ ئازادی سیاسی، لەوانە ئازادی کۆبونەوە، رادەربڕین و بیروڕا.
لەگەڵ رێزدا

جێنی فۆرمبی
کارمەندی نیشتمانی
( بەشی خواردن، خواردنەوەو جگەرە)

لین ماك کلۆسکی
سکرتێری گشتی


www.tgwu.org.uk www.unitetheunion.org.uk
Unite the Union
128 Theobald’s Road
London WC1X 8TN

Tel: 020 7611 2614
Mob: 07702 206436
Fax: 020 7611 2822
Email: Jennie.Formby@unitetheunion.com


---

Thursday, 31st March 2011

Kurdistan Region Presidency,
Diwan, P.O. BOX 60,
Iraqi Kurdistan,
Erbil-Iraq

Dear Sir

I am writing to you on behalf of the 100,000 food and agriculture workers in Unite, Britain’s largest trade union.

The people of Kurdistan have begun a movement for freedom, justice, jobs and services, and against political corruption. They have started civil demonstrations for their just cause.

Our members in the UK are shocked at the reaction that has taken place against these people who are simply exercising their human right to campaign on these issues that are so important to them and their families.

I would ask you to intervene as a matter of urgency to stop the killing and arresting of protestors and to ensure that those responsible for ordering the shootings are brought to justice. In addition, we ask you to support the demands of the protestors for an end to political corruption, for decent work and public services such as water and electricity and for political freedom, including freedom of assembly, speech and thought.

Yours sincerely



**Jennie Formby**
**National Officer**
**Food, Drink and Tobacco Sector**

IFIR:**PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON UK:CONTACT:00447856032991**

**ifir@hotmail.co.uk** www.federationifir.com www.csdiraq.com **Or 00447895636633**